زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

حوکومەتی هەرێمی کوردستانی – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب

# کانت و فەلسەفەی ڕەخنەیی

پرۆژەی دەرچوون

پێشکەش بە بەشی(فەلسەفە)کراوە،وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

ئامادەکراوە لە لایەن:


چراخان قادر عثمان

بە سەرپەرشتی:

د.نزيره ابراهيم عبدى


2024-2023

پێشکەش:

پێشکەش بە دایک و باوکی خۆشەویستم.

پێشکەش بە ماموستای سەرپەرشتیارم ماموستا نەزیرە.

پێشکەش بە گشت ماموستایانی بەشی فەلسەفە.

پێشکەش بە گشت قوتابیانی کۆلێژی ئاداب بە تایبەت بەشی فەلسەفە.

سوپاس و پێزانین

بۆ بەرێزان.......

- سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ، هەروەها سوپاس بۆ ئازیزانم و بۆ مامۆستای خۆشەویست د. نەزیرە کە سەرپەرشتیاری تویژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ کە یارمەتی داوم بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم تویژینەوەیە.
- سوپاس بۆ ستافی کتیبخانەی کۆلیژی ئاداب کە زۆر یارمەتیان داوم بۆ بەخشینی سەرچاوە.
- سوپاس بۆ گشت ماموستا و هاورێ خۆشەویستەکانم کە یارمەتیان داوم بۆ بەدەستهینانی سەرچاوە.

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە کە دەربارەی ڕەخنەی فەلسەفەیە لای کانت کاتێـک باسـی ڕەخـنە دەکەین ڕاستەخۆ ئەم فەیلەسووفە بە مێشـکمان دادێ ، چـونکە بـابەتی ڕەخـنە بە یەکێک لە بابەتە گرینگەکـان و سـەرەکیەکان دادەنـرێ، بـابەتەکە تـا لێـی بکـۆلینەوە فراوانتر دەبێت هۆی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ فراوانی بابەتەکە،کانت دەربارەی ڕەخنە هەولێکـی زۆری داوە بەرهەمە گرینگەکـانی بە ڕەخــنە دەســت پێـدەکات بـاس لە سەرچاوەکانی زانین دەکات؟ ئامرازەکانی زانین چین ؟

ئامانجم لەم توێژینەوەیە ئاشناکردنی خوێنەرە بە بابەتێکی گرینگ بـۆ ژیـان ئەویـش بابەتی ڕەخنە گرتنە لە دیدی کانت هیوادارم سوودی هەبێت بۆ خـوێنەرانی بەشـی فەلسەفە، لەم توێژینەوەدا لە ڕێگای میتۆدی شیکاری هەولم داوە بابەتەکان بخەمە ڕوو ئامانج لەم توێژینەوە خسـتنە ڕووی ڕەخنـانی کـانتە لەسـەر هەردوو ڕێبازەکـانی پێش خۆی ، ئەو هۆکارانەی بوونتە هۆی ڕەخنە گرتن ، وە لەکۆتای دا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە کانت بەهـۆی ڕێبـازێکی نـووی تـوانی فەلسـەفە فراوانتـر بکـات وە لە دوای خویدا پشگیریەکی زۆری لێکراوە وە گرینگی تەواویان بە بـابەتی ڕەخـنە گـرتن داوە وەلەمە تێگەشتم کە ئەقڵ و هەستەکان ناتوانن بەتەنها بە زانینـی ڕاسـتەقینە بگەن.

پێرست


| لاپەرە | ناوەڕۆک |
| --- | --- |
| ii | پێشکەش |
| iii | سوپاس و پێزانین |
| iv | پوختەی توێژنەوە |
| v | پێرست |
| 1 | پێشەکی |
| 2 | بەشی یەکەم: تەوەرەی یەکەم:رەهەندەکانی تویژینەوە |
| 4 | بەشی یەکەم: تەوەرەی دووەم:پێناسەی چەمکەکان |
| 5 | بەشی دووەم: تەوەرەی یەکەم:زانین پێش کانت |
| 6 | بەشی دووەم: تەوەرەی دووەم:فەلسەفەی ڕەخنەی |
| 8 | بەشی سێیەم: تەوەری یەکەم:رەخنەی کانت لەسەر هەموو ڕێبازی ئاقڵ گەڕاو ئەزمون گەرا |
| 9 | بەشی سێیەم: تەوەری دووەم:کورتەیەک لە بەرهەمە ڕەخنەیەکانی کانت |
| 12 | ئەنجام |
| 13 | لیستی سەرچاوەکان |

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە باس لە زانین پێش کانت و فەلسەفەی ڕەخنەی و ڕەخنەی کانت لە هەموو ڕێبازەکانی پێش خۆی.ئەم شۆڕشەشی کانت بەرپای کرد لە فەلسەفە بە شۆڕشی کۆپەر نیکۆس ناسراوە .

کانت ڕەخنەی لە ئاکار گرت کە جیاواز بوو لە بۆچونەکانی پێش خۆی،کانت پێی وابوو کە ئێمە ناتوانین بە ڕەهایی بڕیار بدەین کە ئەو زانیاریانەی بەدەستیان دەهێنین لە ڕێی ئەزموونەوە وەیە یاخود عەقڵەوەیە،چوونکە هەردووکیان لە بەدەست هێنانێ زانیاری ڕۆڵی خۆیان هەیە،

بۆیە ڕەخنی لە هەردووک ئاڕاستە گرت کە بە ئاڕاستەی ئەقڵ و ئەزموون ناسراوان.وە هەروەها کانت تیۆری زانین و مێتافیزیکی ئاوێتەی یەکتر کردەوە وە بەم هۆیەوە ئاسنتر ئەتوانین کانت بخەینە نێو خانەیەکەوە کە نە ژیریەو نە ئەزموونی،بەڵکو بریتیە لە ئاوێتە کردنی هەردووک ڕێباز ئاڕستەکە کە دەکرێت بە سەرڕێژی ژیروو ئەزموونی ناودەبرێت.ئێمە لەو توێژینەوەیە دا هەوڵدەدەین باسی فەلسەفەی ڕەخنەی کانت بکەین،ڕەخنەی کانت لە ڕێبازی ژیری و ئەزموونی ڕووندەکینەوە کە بۆتە هەوێنی سەرچاوەی سەرەکی فەلسەفەی ڕەخنەی کانت

## بەشی یەکەم :تەوەری یەکەم

### ڕەهەندەکانی توێژینەوە:

### 1. گرینگی توێژینەوە:

هەر یەک لە ئـێمە بابەتێــک هەڵــدەبژێرین بــۆ تــوێژینەوە هەڵبژازدنــی ئەم بــابەتە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕێبازە نـوێیەی کانـت دروسـتی کـردوە لە فەلسـەفەدا و توانی دەروازەیەکی فراوان بکاتەوە بۆ فەیلەسـوفانی دوای خۆی.بـۆیە بە یەکێک لە جەمسەرەکان دادەندرێت لە فەلسـەفەدا ڕەخنەی عاقڵ و ئاکار کردەوە بۆیە ڕێبازی ڕەخنەی کانت بە ڕێبازە هەرە گرینگەکان دادەندرێت لە فەلسـەفەدا.

### 2. ئامانجی توێژینەوە

ئامانجمان لەم تـوێژینەوەیە خسـتنە ڕووی بیـرو ڕاکـانی کـانتە لە بـاری فەلسـەفەی ڕەخنەی. هەروەها خوێندنەوی بابەتیانە بۆ میتۆدی شیکار و گرینگی ڕێبازی رەخنەی لە فەلسـەفەوە پەیرەوکردنـی ئەم ڕێبـازە لە لایـان فەیلەسـوفانی تـر. هەروەهـا دەرخسـتنی بیروڕای پۆزەتیڤی و نێگەتیڤـی کانـت دەربـارەی ڕێبـازە فتلسـەفیەکانی پێش خۆی.

### 3. میتۆدی توێژینەوە:

هەر تـوێژینەوەیەک کە دەکرێـت دەبێـت پەیـڕەوەی میتـۆدیەکی دیـاری کـراو بکـات و لەسـەری بـڕوات، لەم تـوێژینەوەی لەبەر دەسـتم دایە پشـتم بە میتـۆدی شـیکاری بەسـتوە و پەیـڕەوی لێـدەکات ئەمەش لە ڕێگـای خوێنـدنەوە و شـیکردنەوەی ئەم سەرچاوانەی کە پەیوەندی بە توێژینەوەکەمەوە هەیە.

### 4. گرفتی توێژینەوە:

کانــت لە فەلســەفە ڕەخــنەیەکەی دا بە کۆمەڵێــک پرســیار دەســت پێــدەکات ئەم پرسیارانەش زۆر ئاڵۆز و دژوارن بۆیە کانت دەڵێت ئاقڵ ژێردەستەی ڕەخنە دەبێت یان قابیلی ڕەخنە گرتن دەبێت،لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی چەند پرسیارێک بدەینەوە:

1. ئایة ئێمە دەتوانین لە ڕێگای ڕەخنەوە بە چی بگەین؟
2. کانت چ کاریگەریەکی دروست کرد لەسەر هزر؟

بەشی یەکەم:تەوەری دووەم.

پێناسەی چەمکەکان:

**ڕەخنە**:وشەی ڕەخنە(نقد) بە زمانی ئینگلیزی criticim واتا شیکردنەوی بابەتێک و هەڵسەنگاندنی و پێوانەکردن و نیشاندانی چاکی و خراپی و هەڵبژاردنی هەڵبژاردنی باشترین و نایابترین(نازم،٢٠١٨،لا١٩)

**زانین**:بریتیە لە وێناکردن و زاندراو لە ناخی زانەردا یان بریتیە لە درکپێکردنی فۆرمی شتەکان و بوونەوەرەکان وەک ئەوەی هەیە یان بریتیە لە درکپێکردنی تایبەت و سادەە بە هۆی بونی بەڵگە یان بێ بەڵگە (رحسین,٢٠١٩,لا٥)

**نۆمینا**:جیهانی شت لە خۆیدا ئەوەیە کە پەیوەستە بەوەی لەسەرووی جیهانی دیاردەیە. جیهانی شت لە خۆیدا کات و شوێنی نیە تەنها لە ناو هزر بوونی هەیە وە نابێتە بابەتی دیاریکردن و زانینی ئەزمونی چونکە بەر هەستەکان ناکەون.(عومەر کالی,٢٠١٣,لا٧٢)

**فینۆ نۆمینا:**مەبەست لەو جیهانەیە کە کە ڕووداو دیاردەکان دەبینین و بەر هەستەکانمان دەکەون.سەرجەم ئەزمونەکان لە شوێن و کات دا ڕوودەدەن کات و شوین بە شتەکانەوە پەیوەستن بە بڕوای کانت ڕواڵەت یان دیاردە شتێکی تەواو وەقعییە(ابراهیم,٢٠١٠,لا٦٢)

**ترانسێند نیتاڵی:**ئەم زاراوەیە لای کانت ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە پێش هۆش و چالاکی زانینەوە بووە وەک سەربەستی ویستی نەمری و دەروویەزادان شتەکان لە خودی خۆیاندا بەڵام کانت بە هۆشی مرۆڤ و بەهرەی زانین بەکاری دەهێنا،ترانسێند نیتاڵی ئەوەیە کە هەمووان بەو پێیە یەکسان دەبن و چەند وێنەیەکی پێشەکی زمان و زەمینی تێدایە کە تەنها بەو هۆیەوە هەموو زانین و ئەزمونێک ڕوو ئەدات هەموو پرانسیپەکان بیری لۆجیکی و بابەتی لۆجیکی ترانسێد نیتاڵی پێک دەهێنێت (مەلا غرزەت,١٩٨٨,لا٣٤٢)

**ئیمانوێڵ کانت:**فەیلەسوفێکی ئڵمانییە،ساڵی ١٧٢٤ لە شاری کوێنیگسبێرگە لە پروسیا لە دایک بووە، لە تەمەنی ٨ ساڵیدا دەستی بە خویندنەوە کردوە، لە ساڵی ١٧٧٢ گوازراوەتەوە بۆ کۆلێژی (شافر دریست) لەوێ فیرە ئەدەب و کلتوری لاتینی بووە، ساڵی ١٧٥٥ بۆتە وانەبێژ لە زانکۆی (کۆێنیگسبێرگ) ساڵی ١٧٧٠ وەک مامۆستایەکی لۆجیک و میتافیزیک لە زانکۆی کۆێنیگسبێرگ دامەزرا، ساڵی ١٨٠٤ لە تەمەنی ٨٠ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

## بەشی دووەم تەوەری یەکەم

زانین پێش کانت:

تەواوی فەیلەسوفانی سەدەی حەڤدەم و هەژدەم شانازیان بەو بەهای ئاقڵ زانستەوە دەکرد وە بیر و باوەڕیشیان بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەبوو ئەو پێشکەوتنە مرۆیەی کە بەسترا بۆوە بە ئاستی پێشکەوتنی ئەقڵ و زانست.

بۆیە کاتێک کانت دەستی بە ڕەخنە کرد زانی هێشتا فەلسەفەی ئاقڵانیەت کە لە لایان دیکارت و لابزتس خراونەتە ڕوو هێشتا جۆرە میتافیزیکێکیان خستۆتە ڕوو کە تارمای فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی بەسەرەوەیە وە هێشتا لاهوت و کلیسای هەستی پێدەکرا.(سدیق نەورۆزی،٢٠١٥،لا٢٢٩)

ڕێبازی عاقڵی دیارترین پەیرەوەکانی ئەم ڕێبازەیە فەیلەسوفانی کۆن(ئەفلاتون پارمەندیس پێتاگۆرس "نوێیەکانیش" دیکارت سپینۆزە لابنتس دیکارت پێی وایە عەقڵ بە باشترین شێوە لە جیهان دابەش کراوە (دیکارت،٢٠٠٥،لا١٠٩)

دیکارت لەو باوەڕەدایە ئەوی ئاقڵ یان ژیری پێی وایە کە سروشت بە یەکسانی بەسەر مرۆڤدا دابەش کراوە جیاوازی بیر و بۆچونەکانیان لەوە دانیە کە هەندێک کەس لە هەندێک کەسی تر ئاقڵ تروو ژیرترە، بەڵکو لەوە کەوتۆتەوە کە ئێمە لە ڕێگای بۆچون و بیری جیاواز بەکاری دەهێنین هەمووومان سەرنج و بایەخ بە یەک شت نادەین گرینگ ئەوە نیە کە مرۆڤ توانای بەکارهێنانی ژیری هەبێ بەڵکو گرینگ ئەوەیە بە شێوازێکی ڕاست و چالاک بەکاری بێنێ، دیکارت پێی وا بوو کە ئاقڵی مرۆڤ هێزێکی زکماکیە،ئەوە بنچینەی هەموو زانستێکی ڕاستەقینەیە.

بە لای ئەو مرۆڤ لە دەرەوە بە زانستێکی یەقین ناگات.چونکە هەستەکان بەلای وی هیچ بۆ مرۆڤ زیاد ناکەن،جگە لە زانیاریە پەرش و بڵاوەکان،هەتا ئەگەر زانیاریەک پێک بهێنێت و هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە ببەستێتەوە ئەوە هەر ناگەین بە پلەی زانستێکی یەقینی(عەبدلحمید،لا٧٧)

دیکارت پێی وابوو ئێمە بەهـۆی عقـڵەوە زانینمـان لەسـەر جیهـان دەسـتگیردەبێت و زانیاریە هەستیەکان پتەو نین و جێگای متمانە نین ئەمانە سەرچاوەیەکن بۆ بەهەڵە دابردن نەک بۆ زانیاری بەخشین(گاردەر,٢٠١٤,لا٣١٧).

دیکارت گومانی لە توانی هەستەکانی کردووە لە ڕێگـای ئەو گومـانە هانـای بـردۆتە بەر ژیـری چـونکە دیکـارت سروشـتی پـێش خسـتوە و پێـی وابـوە ئەگەر سروشـت سـەرچاوەی زانین بێت ئەی بۆچی ئەی بۆچی خودا ئـاقڵێ بە مـرۆڤ بەخشـیوە، لە لای دیکارت ژیـری ئۆرگـانێکی کـاریگەری بە لایەک داخەرە دوو چـالاکی هەیە بە دوو چالاکی لە ئۆرگانەکانی تر جیا دەکرێتەوە"یەکەم حوکم و بڕیـاردان."دووەم بۆچـوون و ڕێپێبـــردن. ژیـــری لەم دوو چـــاڵاکیەدا کە دووە فـــۆرم بـــۆ وەڵامـــی ئەم پرســـیارە دەیبەخشین(عبدولحمید,لا٧٥)

چۆن ئەو شتانەمان زانیوە کە ئێستا دەیانزانین ناتوانین دەسـتبەرداری ئەم زانیاریـانە بین کە هەستەکان پێشکەش بە ئیمەی دەکەن.کاتێک ئافلاتون دەیگوت "بوونی ئەو شـتەی بە ئاقـڵ دەیـزانین و دەیگەینـێ ڕاسـترە لەو شـتەی کە بە هەسـتەکانمان دەیگەینێ بە هەمان شێوە لای دیکارتیش هەست بوو. (براین ماگی,٢٠١٢,لا١٧٣)

منداڵ کاتێک لە دایک دەبێت کۆمەڵێک شت لە مێشکیدا هەیە ناتوانێت گومانی لـێ بکرێت بەڵام جۆن لوک پێی وابوو کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت مێشـکی لاپەڕەیەکـی سپیە.

لوک پێی وابوو هیچ شتێک لە ئاقڵدا بوونی نیە، مەگەر ئەوە نەبێت کە لە سـەرەتاوە لە هەستەکانەوە بوونی هەبووە هەروەها ئەزمون گەراکان نکـۆڵی لە بـونی عقلێـک دەکەن بەی کە سـەرچاوەی زانیـنە، پێیـان وابـو عاقـڵ لاپەڕەیەکـی سـپیە لە دایـک دەبێـت لە هەمـوو نەقـس و پاشـماوەیەکی پێشـوو بەتـاڵە ئەزمـونگەرای ئەم لاپەرە دەنەخشـێنێ" بە بـڕوای جـۆن لـوک ئاقـڵ لە مرۆڤـدا بۆمـاوەی نـیە بە پـێچەوانەی بۆچوونی هەمووان لە کاتی لەدایک بووندا زانیاری زکماکیانەی پەیوەندیدارە بە بـاش و خراپ و ڕاست و چەوت بە بەهەشت و دۆزەغ نیە بەڵکو تەواوی ئەو زانیاریانە دواتر

لە ئەنجامی ئەو ئەزمونانەی لە هزر لە ڕێگای ئاکاریەوە پێی دەکات بەدەستی دێنێت بەدەستی دێنێت لە هزر جگە لەوەی کە سەرەتا هەستی پێکراوە شتێکی تر بوونی نیە(هینری,٢٠٠١,لا١٧٥)

## بەشی دووەم/تەوەرەی دووەم

### فەلسەفەی ڕەخنەی:

ئەم سەردەمەمان تایبەتە بە سەردەمی ڕەخنە گرتن،کە دەبێت هەمووشتێک ملکەچی بێت،تەنانەت ئاین بە هەموو پیرۆزی و قانون و ڕێنمایی بە شکۆمەندیەکەیەوە ناتوانن خۆیان لێی دەرباز بکەن لە بارەی ڕەخنە و ڕەخنەگرتنەوە کە مەبەستی چیەو چی دەگرێتەوە. کانت وتویەتی "من وا لەوە تێدەگەم کە ڕەخنەگرتنی چەند کتێب و سیستەمێک نەبێت، بەڵکو ڕەخنەکردن تواناى ژیری بێت بە گشتی سەبارەت بە هەموو ئەو زنینانەی کە دەکرێت بەبێ هەموو ئەزموون و شارەزایەک بتوانێ کۆششی بەدەست هێنانی بکات(عزیز,٢٠١٦,لا٢٢)

کانت ڕایگەیاندوە ماناکان لە شتەکانەوە وەرناگیرێت وەک هەستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، وە شتەکان لە ماناکەی وەرناگیرێن وەک ئاقڵگەراکان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو ماناکان ئەو مەرجە بەرایانەن مەعریفەی هەستی پەیوەندی پێیانەوە هەیە، واتا هەردوو مانای شوێن و کات.

بەسەر چۆنیەتییە بەرهەستەکان پیادە دەبن و دیاردەکانی لێ پەیدا دەبێت،فکر بە خودی خۆی بەدەستهێناوە و شتەکان بە دەوری دا دەسورێنەوە وەک پێشتر باوەر وا بووە،ئەمە ئەو شۆرشەیە کە کۆپەرنیکۆس لە جیهانی فەلەکیدا بەرپای کرد(کرم,٢٠١٧,لا٢٨٠)مانایەکی فراوان هەموو بیروڕایەک کە پێی وایە عاقڵ زانین پێک دەهێنێت،

دەبێتە پێکهاتەیەک بۆ شێوەکان واتا ناکۆکیە فەلسەفیەکان تیۆری زانینەکان دەکاتە بنەڕەت بۆ هەموو تەوەرەیەکی فەیسەفی (لالاند,٢٠٠٨,لا٢٣)

کانت  بە هەمان شێوەی سوقرات و دیکارت توشی گرفتی زانیاری بووە کەسێکی دۆگم و چەقبەستوو لە هزر و بیرکردنەوە نەبووە، بۆیە پێشوەختەش هیچ بڕیارەکی نەداوە،بەڵکو لەگەڵ ئەزمونەکانیدا هزر و بڕیارەکانی گەشەیان کردوە و نمونەی

سۆقڕاتمان بیردەهێنێتەوە.بۆ نمونە کاتێک سۆقڕات تەنها یەک شت دەزانم ئەویش ئەوەیە کە هیچ نازانم،واتا سوقڕات ئامادە نەبووە بڕیار پێشوەختە بدات.

کانتیش هەروەک فەیلەسوفانی پێش خۆی شێوازەکانی بیرکردنەوەی کردە سەر دوو لایەن(شیکاری-تێکهەڵ)لایەنی شیکاری وەک دەربڕینی خانوە ڕەشەکان خانون،ڕاستی لەم مەسەلەیەدا دیارە چوونکە دەربڕینی بە پێچەوانەی مەسەلەکە ئاڵۆز دەکات.بۆیە بۆیە بەم مەسەلەیە دەگوترێت شیکاری چونکە تیایدا ڕاستی لە ڕێگای شیکردنەوەی خودی دەدۆزێتەوە بەڵام تێکهەڵاو بەو مەسەلانە دەگوترێت کە ناتوانین بەو ڕێگای شیکاری پێیان ناگەن(خانوە ڕەشەکە)سەرجەم ئەو مەسەلانەیە کە لە ئەزموونەوە پێک دێت مەسەلەی تێکهەڵن.بە پێی بۆچوونەکانی کانت دەکرێت مەسەلەکان دابەش بکرێنە سەر دوو لایەنی دیکە کە ئەوانیش (ئەزمونی-قیاسین)مەسەلەی ئەزموونی ئەوانەن کە هەستەکان هەستی پێ دەکەین بەڵام قیاسەکان بەم جۆرانەن خاوەنی نرخ و بەهای بنەڕەتین(عەباس,٢٠١٠,لا٨٢).

## بەشی سێیەم: تەوەرەی یەکەم

کانت لە فەلسەفە ڕەخنەیەکەیدا ڕێبازی ژیرەکی و ئەزموونی گرتەوە ،بەمەش ڕێبازێکی نوێ هاتە ئاراوە کە ئەویش ڕێبازی ڕەخنەیە.

کانت تیۆری نرانین و مێتافیزیکی ئاوێتەی یەکتر کردووە(عزیز ,٢٠١٦,لا١٢٢) ئەقل گەراکان و ئەزموونی گەراکان دوو ڕێبازی فەلسەفی بوون کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر هزری کانت دانا،ئەمەش بووە هۆی ڕامانی کانت بەرامبەر ناکۆکیەکانی ئەم دوو ڕێبازە وە ڕەخنەگرتنیان، بەمەش تیۆرێکی نوێ لەبارەی زانین لای کانت هاتە ئاراوە کە سنورێک بۆ زیادەڕەوی هەردوو ڕێبازەکە دادەنێت وسەنتێزێک لەنێوانیان دەهێنێتە ئاراوە، کانت پێی وایە هەڵوێستی تیۆری زانین بەسەر ئاراستەی ئەقل گەراکان و ئەزموون گەراکاندا بەستووە وەک دوو ئاراستەی فەلسەفەی نوێ لە ململانێدا بوون ئەم دوو ڕێبازە هەریەکەیان میتۆدێکی تایبەتی هەبووە بۆ گەیشتن بە نرانین ،بەڵام لە بنەڕەتدا هەردووکیان هەمان پرسیاریان هەبووە.

نزانین لە چ سەرچاوەیەکەوە دروست دەبێت؟(ابراهیم ،٢٠١٠،لا١١) ئەقڵ گەراکان پشتیان بە ئەقڵی پەتی دەبەست، کە دەتوانێت بەبێ گرنگیدان بە هەستەکان بە نرانینی هەستەکان بگات.ئەقڵ گەراکان لە گشتیەوە بۆ تایبەت دەچن،لای ئەوان ئەقڵ تاکە سەرچاوەی نرانینە،ژێرتیشکی بنەمای یەکەمە زەروریەکاندا زانین شرۆڤە دەکەن،ئەم بنەمایانە لە ناوەوەی نرانیندا هەیە بەبێ هۆیانەوە بەبێ پشت بەستن بە هەستەکانەوە،گەیشتن بە هەقیقەت تەنها لەڕێگای ئەقڵەوە دەبێت کە توانایەکی خۆرسکانەی لەنێوان مرۆڤەکاندا، وە گرنگی بە زانینی ماتماتیک دەدەن کە زانستێکی ئەقڵیە دیکارت دامەزرێنەری ئەقڵ گەرایی نوێییەکانە.

کانت ڕەخنەی لێ گرتووە دێکارت گومانی میتۆدی گرتۆتەبەر بۆ گەیشتن بە نرانین . دیکارت پێی وایە کە دوو چالاکی لە ئەقڵمان هەیە بۆ گەیشتن بە نرانین ئەوانیش ،ئیندێکشن ، دیدێکشن، کە یارمەتیمان دەدەن بەبێ هەڵە بەزانین بگەین (ابراهیم

،٢٠١٠،لا ١٢،١٣) بەکورتی ئەقڵی ڕەخنەیی کوێرانە شتەکان پەسەند ناکات و پێیان ڕازی نابێت.

کانت خۆشی ئارەزووی لەگەڵ ڕۆشەنگەری بووە، ڕقی لە چەقبەستوویی ئەقڵ و دۆگمایی بووە ،چونکە کانت لەو بڕوایەدا بوو کە ئەقڵ و دۆگمایی جگە لەزەرەر و زیان هیچ سودێکی نیە، وەک چۆن دیکارت لە کتێبەکەیدا " چەند وتەیەک دەربارەی میتۆد " دەیوت جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵە لە کارەکانماندا ئارامیەکی زۆرم پێ دەبەخشێت. کانتیش دەیوت "پێویستە قوتابی بۆ فێربوون و وەرگرتنی فیکرە ئامادەکراوەکان نەڕواتە قوتابخانە بەڵکو فێربوون کە چۆن بیربکەنەوە و هەڵسوکەوت بکەن.(صديق،٢٠١٥،لا٢٣٥)

ڕێبازی ئەزموونی (لوک-بێرکلی-هیوم) لەوەدا ڕاستبووە مرۆڤ زانینی لەبارەی جیهانی ژیرەکیەوە نیە ئەو زانینەی سنوری هەستەکان نابەزێنێت،بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەوەدا بەهەڵەچووە کە تەنیا هەر هاودە و داتای هەستەکانی مرۆڤ و بۆچوونی هەستەکی سەرچاوەی پەی پێبردن و زانینی جیهانی هەستەکین.بەلای کانتەوە ڕاستە مرۆڤ هیچ دەربارەی جیهانی ژیرەکی "ترانسێند نیتاڵی"نازانێت و زانین بە پەیبردن بە جیهانی دیاردە "فینۆمین" سنوردار کراوە بەڵام بۆ زانینی ئەو جیهانە دەبێت داتا هەستەکیەکان و بۆچوونە پێشینەیەکان هاوکاری و کۆمەکی یەکتربکەن(عزيز،٢٠١٢،لا٢٩٥)

کانت لەسەردەمی لاویەتیدا بەرهەمەکانی لوك و هیومی خوێندۆتەوە لە نوسینەکانیدا نەشێکیکەم و کورتی لە حەقیقەت بینی بۆیە لوك ڕایگەیاندبوو کە زەین لەکاتی لەدایکبوونیدا لەوحێکی سادەیە و هیچی لێ نەنوسراوە و هەموو زانیاریەکانمان لەڕێگای ئەزموونەوە بەدەست دێت ،کانت لای خۆی بیریکردەوە ئەگەر وابێت،هەستی مرۆڤانە ،هەست و تێگەیشتنی غەریزەیانەی ئێمە کە حەق و لەعدا باڵاترە چۆن ڕووندەکاتەوە(هێنری،٢٠٠٦،لا٢٢٧) کانت پێی وایە ئەزموون گەراکان بە کورتکردنەوەی زانین بۆ ئەزموونی هەستەکی کورتیان هێناوە،ئەوان درکیان بە

بنەمای ترانسێند نیتاڵی نەکردووە کە چوارچێوەیەکی دەرئەنجامە هەستەکیەکان دەچنە ناویەوە بۆئەوەی ببنە دەرککراوە(ماگی،٢٠١٢،لا٢٦١،٢٦٩)

## بەشی سێیەم تەوەرەی دووەم

### کورتەیەک لە بەرهەمە ڕەخنەیەکانی کانت:

کانت لە تەمەنی ٥٧ ساڵی دا واتا لە ساڵی ١٧٨١ توانی کتێبی ڕەخنەی ئاقڵی پەتی بنوسێ کە ئەم کتێبە وەچەرخان و دابرانێکی ئپیتولۆژی بوو لە هەموو فەلسەفەکانی پێش خۆی، ڕەخنە لە ئاقڵی پەتی لە بنەڕەت دا ڕەخنە بوو لە بنەماکانی زانست، بەڵام سەرهەڵدان و ئاستو نمای بیرۆکەی ڕەخنە لای کانت لە ساڵی ١٧٦٩ وە دەستپێدەکات، بەڵام دوای نزیکەی ١٢ ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی دروستبوونی ئەم بیرۆکەیە ئینجا توانی کتێبی ڕەخنەی ئاقڵی پەتی،ڕەخنە لە پرینسیبەکانی زانست بنوسێت.داوی پێنج ساڵ لە دوای کۆتای هاتنی شەڕی سەربەخۆی ئەمریکا،دوای ئەمانە کانت کتێبی ڕەخنەی ئاقڵی کرداری نوسی. کە تەنها یەک ساڵ مابوو شۆڕشە گەورەکەی فەڕەنسا بەرپا بێت، واتا ئەم کتێبە ساڵی ١٧٨٨ نوسی، دوای یەک ساڵ لە بەرپابوونی شۆڕشەگەورەکەی فەڕەنسا کانت کتێبی ڕەخنە لە بنەماکانی چێژ نوسی لە ساڵی ١٧٩٠ دەگەرێتەوە کە ئەم سێ کتێبە گرینگترین و بەناوبانگترین کتێبەکانی کانتن(سدیق,٢٠١٥,لا٢٣٦)

کتێبی ڕەخنەی ئاقڵی پەتی باس ئاقڵی کردووە وە دادگایەکی بۆ دانا بۆ لێپیچینەوە لەسەر کارەکانی بۆ زانینی جیهانی دوایی سروشت هەر هزرێک لە توانی ئاقڵدا بوو پەسندی دەکات بە پێچەوانەوە ئەگەر ئاقڵ نەیتوانی لایەنێکی بزانێت ڕەتی دەکاتەوە. وەکو مێتافیزیکی کۆن. کانت ئەم میتۆدەی بەکارهێنا لە هەموو توێژینەوەکانی کە لە قۆناغی ڕەخنەی ڕەنگی داوەتەوە لە لای کانت بۆیە دەڵێت عاقڵ ڕادەستی ڕەخنە دەبێت یان قابیلی ڕەخنەگرتن لە هەموو پرۆژەکانی و هیچ

شـتێک زۆر گرینـگ نـیە لە ڕووی سـودەوە هـیچ شـتێکی پیـرۆز نـیە لە لێپێچیـنەوە و پشکنین دەربچێت کە واتە لە هیچ کەسێک ناترسێت(کانت ,٢٠١٤,ل٣٠)

کانت لە کتێبی ڕەخنەی ئاقڵی پەتی جیهانی دیاردەکانی کـردووە بە دوو بەشـەوە، بەشـێکیان ئاقـڵ بەسـەریان دا زاڵە و ئاقـڵ دەتوانێـت هەسـتی پێبکـات،وەک دیـاردە مێتافیزیکیەکان ئاقڵ لە ئاستی دا دەستەوەسـتانە، لێـرەدا کانـت تـوانی یاسـایەکی سروشـتی بـدۆزێتەوە بەڵام پێـی وایە مـرۆڤ تەنهـا لە ڕێـی ئیمـان و پرواهێنـان بەو ئیمانە بگات بە شتە ڕەهاکان لە نێوانیاندا بوونی خۆیدایە لێرەدا کانت سنوری دیـن و ئیمانی لەگەڵ سـنوری جیـاکردوەتەوە وتـی بە هـۆی ئـاقڵەوە دەگەیـنە عەقیقەتـی مەوزوعی و جیهانی دەرەوە (سدیق,٢٠١٥,ل٢١٤)

کتێبـی ڕەخـنەی ئـاقڵی پراکتیکـی کە وەک لە زۆر شـوێندا بە دووەمـین ڕەخـنە ناودەبرێت، واتا دوای ڕەخنەی ئاقڵی پەتی پێش کتێبی ڕەخنە لە بنەماکانی چێـژ لە سـاڵی ١٧٨٨ بـڵاو کـراوەتەوە، ڕەخـنەی ئـاقڵی پراکتیکـی لە نـاوەڕۆکی تیـۆری بناغەدانانی مۆراڵ هەڵدەگرتو تا ئەمڕۆش یەکێکە لە گرینترین ئەو کارانەی لە بـارەی ئەخلاق و یەقینی پراکتیکی وە نوسراپێت لە مێژوی فەلسەفەدا(کانت,٢٠١٥,ل١٥)

کتێبی ڕەخنەی ئاقڵی پراکتیکی هەوڵی داوە چارەسەری کێشەی ئازادی و یاسـای گشتگیری ئەخلاق و ئەو بابەتانەی کە دەنگدانەوەیەکی سیاسـی قـووڵ لەو کـاتەدا لە ئەوروپا و ئەمریکا دروستکرابوو، کانت لێیان دواوە و چارەسـەری بۆ دۆزیـونەتەوە بە پێچەوانەی کتێبی ڕەخنەیی ئاقڵی پەتی ئەم دوو کتێبە پێک ناکۆکن و دوو ئاراستەی فکریـان بە خـۆوە گرتـووە، بەڵام لە کـۆی هەردوو کتێبەکەیـدا هەسـتدەکەین جیاوازیەکان لە بیرکردنەوەی کانت چ پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، کانت لە کتێبی دووەم دا ڕەخنەی ئاقڵی پراکتیکی ڕەهەندەکانی لەبیرکـردووە بە تـایبەتی جەختکـردنەوە لە بـارەی یاسـاکانی ئیلاهـیەوە بـۆیە هەنـدێک جـار کانـت بە فەیلەسـوفێکی موحافەزەکـار لەسـەر مەیلـی گومانکـاری ڕەخـنەگەری نـاوزەر دەکرێ(سدیق,٢٠١٥,ل٢٣٦-٢٣٧)

کانت لە کتێبی ڕەخنە لە بنەماکانی چێژ(نقد ملكه العكم)هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە ئەوانیش ئەمانەن

- بنەماکانی بڕیاردان لەسەر جوانی چین؟
- ئایە بڕیاردان لەسەر جوانی بابەتیە یان خودییە؟
- جیوازی چیە لە نێوان جوانی سروشتی و جوانی هونەری؟
- ئایە هونەرمەن کەسێکی لەسایکەرە یان داهێنەرە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە کانت پێی وایە بڕیردان لەسەر جوانی خودییە بابەتی نیە. واتا پەیوەندی نیە بە بوونی کۆمەڵێک خاسڵەت و تایبەتمەندی لەسەر شتی جوان، بەڵکو پەیوەستە بە خودی کەسەکە کە شتەکان دەبینێت دەربارەی جیاوازی لە نێوان جوانی سروشتی و جوانی هونەری کانت پێی وایە جوانی سروشتی میکانیزمێکە بۆ ڕازیکردن و تێرکردنی برسیەتی مرۆڤ و پێی دەوترێ جوانی، بەڵام جوانی هونەری خەیاڵە و مرۆڤ تێرناکات بۆیە جوانی هونەری بەرزنابێتەوە لەسەر جوانی سروشتی بەڵکو ئیلهامی پێدەبەخشێت بۆیە هونەر ڕێسا و بنەماکانی لە جوانی سروشتی وەردەگرێت.

دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایە هونەرمەند لەسایکەری سروشتیە یان داهێنەرە لە بابەتی هونەر و جوانی؟ کانت پێی وایە هونەرمەند کەسێکی داهێنەرە لە هەمانکات دا لەسایکەرەو ئیلهام وەرگرە هونەرمەند کەسێکی داهێنەرە چونکە هەموو کەسێک ناتوانێت هونەرمەند بێت وە ناکرێت هونەر لە ڕێگای خۆیانەوە بەدەست بهێندرێت بەڵکو لە خودی کەسەکەدا هەیە دەکرێ بە خوێندنەوە پەرەبسەنێت بەڵام بە شێوازی جیاواز دەریدەبڕێت و ئاڕاستەی خەڵکی دەکات(کانت,٢٠٠٥,لا٣٥-٣٦)

ئەنجام:

دوای ئەوەی گەشتێکی فراوانمان بەسەر ژیان و فەلسەفەکان دا کرد بە یەکێک لە فەیلەسوفە گرینگەکان دادەندرێت وە بە فەیلەسوفێکی ڕەخنە گرانە ناسراوە، کانت لە سەرەتای هەر دەستپێکێکی نوسین یان دەست پێکردنی کتێبێک ئەوا بە ڕەخنە دەست پێدەکرێت بۆ نمونە ڕەخنەی ئاقڵیٚ پەتی ، ڕەخنەی ئاقڵی پراکتیکی ، ڕەخنە لە بنەماکانی چێژ . وە کانت دەڵێت ڕۆژگاری ئێمە ڕۆژگاری ڕەخنەیە و پێویستە هەموو شتێک بەر ڕەخنە بدرێت کانت ڕەخنەی بەکار هێنا لە پێناو لێکۆڵینەوە لە هزر و وردبونەوە لێی لە فەلسەفەدا لە میانەی تێبینی و خوێندنەوەی گشتی بۆ هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی ئەو دڕکە شاراوەیە لە هزرەکەدا بەدیار بکەوێت و نیشاندانی دژایەتی کە لە ناوەڕکەی دا هەیە (پاولەرە)دەڵێت ئەگەر بەرهەمەکانی کانت بخوێنیتەوە تێدەگەیت کە تۆ وا لە بازاڕێک دایت خاوەنی بازاڕەکە زۆر زۆرزانە تۆ هەرچیەکی داوالێبکەی لای دەستدەکەوێت، ماتماتیک و جەبری ، توانی هەڵبژاردنەکان ، ئایدیالیزم و هاودژەکەی ، خوادا پەرستی و خودا ناسی لیٚ دەست دەکەوێت.

## لیستی سەرچاوەکان:


١-نازم،سەنگەر(2018) بنەماو میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی.

٢-حسین جباری،د.حسن(2019-2020) ئپستمۆلۆجی تیۆریزانین.

٣-عومەرکاکی،سەعید(2013) سەرەتایەک لە فەلسەفەی ئیمانوێڵ کانت، چاپخانەی کەمال.

٤-ئیبراهیم،نیگار(2010)تیۆری زانین لای کانت،چاپی یەکەم چاپخانەی موکریان،هەولێر.

٥-مەلاعزەت،و.مەحموود،کورتەیەک؟لە مێژووی فەلسەفە،چاپی یەکەم چاپخانەی سیما،سوید.

٦-سدیق،فوئاد(2015)فەلسەفە تا مردنی نیچە،نەورۆز ، هەولێر.

٧-دیکارت،رێنی(2005)چەند وردبونەوەیەک لە بارەی میتافیزیک،چاپخانەی حەمدی.

٨-عەبدولحەمید،د.نەبیل حبدلجەبار،فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت،چاپی یەکەم چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر.

٩-گاردەر،یوستاین(2014)چاپخانەی رجایی،تاران،و.بەهرۆزحەسەن.

١٠-ماگی،براین(2012) مێژووی فەلسەفە ،چاپی دووەم،و.رشیدگورگوون.

١١-عزیز،د.حەمید(2009)بنەرەتیەکانی فەلسەفە،چاپی دووەم چاپخانەی ئندێشە،سلێمانی.

١٢-هێنری،تۆماس(2006)بەسەرهاتی نەمرەکان لە فەلسەفە،و.دلشادکازم،چاپی یەکەم ،هەولێر.

١٣-عزیز،د.حەمید(2016)تیۆری زانینی زانستیانە،چاپخانەی حەمدی.

١٤-کرد،یوسـف(2017)مێـژووی فەلسـەفەی نوێ،و.عـومەرعلی غەفـور ،چاپخـانەی تاران.

١٥-لالاندی،اندریه(2008)موسوعەلالاند الفلسفیه،المجلد الاول بیروت،لبنان.

١٦-عەباس،جلیل(2010) کاروانی ئەندێشـە،چاپی یەکەم چاپخانەی دهۆک.

١٧-عزیز ،د.حەمید(2012) فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا.

١٨-کانت،ئیمانوێڵ(2014) رەخنەی ئەقڵی پەتی ،و.سۆران عومەر حەمە.

١٩-کانت ،ئیمانوێڵ(2015) رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی،و.سۆران عومەر حەمە.

٢٠-کانت،ایمانویل(2005) نقدملکەالحکم،غانم هنا مرکزدار ،بیروت.